# بەستێنە مێژوویی-فیکرییەکەی دەقی "سێ وتار لەبارەی تیۆری سێکسوالیتە"

فیلیپ   ڤان هاوت و هێرمان وێسترینک
و. دانا محەمەد

# دەستپێک

لەم بەشەدا دەستدەکەین بە لەسیاقگرتن و بنیاتنانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی تیۆری سێکسوالیتەی فرۆیدی ساڵی 1905. پێویستمان بە لەسیاقگرتنێکی مێژوویی و سیستەماتیکی لەم جۆرەیە، چونکە تەنیا کاتێك دەتوانین بەباشی لە سێ وتارەکە (دەقەکەی فرۆید) تێبگەین کە بخرێتە پۆلی پێچەوانەی پاشخانی پێشکەوتنەکانی بواری دەمارناسی، سێکسناسی، دەروون پزیشکی و لە پەیوەندیدا بەو دەق و پڕۆژانەی فرۆید وا کاری لەسەریان دەکرد[فرۆید لەم دەقەدا ئایدیاگەلێکی پێشکەشکرد کە لەهەمان کات درێژەپێدەر و دژی بیرۆکەی توێژەرەکانی تر بوون کە تا ئەو کات توێژینەوەیان کردبوو لەبارەی سێکسوالیتە]. ئەم تێڕوانینانە بوونە هۆی ئیمکانی بەردەوامێتی و ڕادیکاڵیەتی سێ وتارەکەی 1905 بەراورد بەو گوتارە ئەدەبی و فیکرییانەی ئەوسا هەبوون. سەبارەت بە دووبارە بنیاتنانەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە، دەبینین کە لە ساڵی 1905دا فرۆید بەڕوونی دوو سیستەم(نەزم)ی سێکسی لێکجیادەکاتەوە[سیستەمی سێکسی بەواتای ڕێکخستنی بایۆلۆژی و دەروونی و کارکردی سێکسوالیتە دێت لە کاتی جیاوازی ژیانی مرۆڤ]. لە لایەکەوە، فرۆید سێکسوالیتەی منداڵانی لەڕێی چەمکی فرە چەشنی لە چالاکییەکانی لادانی سێکسیی خود-ئیرۆتیک[1]، بە بێ ئۆبێکتێک یان ئامانجێکی دیاریکراو، وەسفدەکرد- چالاکییەک کە بە زاراوەی کارکردی (functional) وەسف ناکرێت[زاراوەی کارکردی واتە فرمانی بایلۆژییانەی سێکسوالیتە کە بریتییە لە وەچەخستنەوە لە پێناو مانەوەی جۆر کە لە ژێنەتیکی مرۆڤدا بۆماوەییانە تۆمارکراوە و دەگوازرێتەوە نەوە لە دوای نەوە. سێکسوالیتەی مرۆڤ تەنیا ڕەهەندی وەچەخستنەوە لەخۆ ناگرێت، چونکە تەنیا لە ناوچەی زاوزێدا قەتیس نابێت، بەڵکو بەسەر هەموو لەشدا دابەشبووە]. لە لایەکی ترەوە، فرۆید هەندێ ئایدیای دیکەی لەبارەی سێکسوالیتەی قۆناغی هەرزەکاری داڕشت. لێرەدا، ئەزموونکردنی چێژ، هێشتا توخمێکی گرنگە بەڵام ئێستا تەنیا لەنێو بونیادێکدا بە سێکسوالیتەی "نۆرماڵ" دادەنرێت کە تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنی ئۆبێکتی سێکسیی جیارەگەزخوازانە بێت، لەگەڵیشیدا ئامانجی

---

١: auto erotic تێربوونی خۆبەخۆی نەستەکی و سێکسییانە بە بێ ئۆبێکتێکی دیاریکراو- و

کۆتاییشی وەچەخستنەوە بێت. ئەم جیاکارییەی سیستەمە سێکسییەکان نەک تەنیا کاریگەری گرنگی هەیە بەڵکو چەندین پرس و کێشەش دەورووژێنێت کە فرۆید ناچاردەکات سەرلەنوێ بیریان لێبکاتەوە. ئایدیا ڕەسەنەکانیشی لە چاپەکانی تری دەقەکەیدایە.

## توێژینەوەی سێکسوالیتە

خاڵی دەستپێکمان بەستراوە بە کێشەیەکەوە کە لە لاپەڕەی یەکەمی سێ وتارەکەدا خراوەتەڕوو: ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەو کارانەی کە دەربارەی سێکسوالیتە، لادان، نەخۆشیزانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە بوارەکانی پزیشکی دەروونی، دەمارناسی، سێکسۆلۆژیدا ئەنجامدراون. ئایا فرۆید بەردەوام دەبێت لەسەر شێوازی ئارگومێنتسازی و چوارچێوەی چەمکسازیی نوسراوەکانی سەردەمی خۆی؟ ئەو لە تێبینییەکی دەقەکەی خۆیدا ئاماژە بە نوسینە سەرەکیەکانی ڕیچارد ڤۆن کرافت یبینگ، هاڤلۆک ئێلیس، ئەلبێرت مۆل، لوان بلۆچ و ئەوانی تر دەکات کە لە دەیەکانی1880 و 1890 و ئەو نوسراوانەی کە لە ساڵانی یەکەمی سەدەی بیستەم بڵاوبوونەوە؛ بۆ نموونە کتێبی ساڵانەی ماگنۆس هێرشفێڵد لەبارەی قۆناغە سێکسییە ناوەندییەکان؟ یاخود پەرە بە شتێکی ڕادیکاڵی نوێ دەدات- هێندە نوێ بێت کە پەیوەندییەکەی بە پێشینەکانیەوە بە دابڕانێکی ڕادیکاڵ و ڕیشەیی وەسف بکرێن؟ بەشێک لە ستراتیژی ڕەوانبێژی لاپەڕەکانی سەرەتای سێ وتارەکە، خۆ دوورگرتن بوو لەو گوتارە فیکرییەی کە لەبارەی سێکسوالیتە چەسپا بوو. لە پەراوێزی دەقەکەیدا تێڕوانینی پێشینەکانی کورتدەکاتەوە و خۆی بەپێچەوانەی "تێڕوانینی باو" و "ئەفسانەی شیعری" دەردەخات(freud 1905[2]) بەپێی فرۆید، دەروون پزیشکەکان، پزیشکانی دەمار، سێکسۆلۆژیستەکان، بە گشتی، لە دونیابینینی

2: سەبارەت بە سێکسوالیتە، فرۆید چەمکی (Geschlecgts Trieb) و (Sexsual Trieb)ـی بەکارهێناوە. یەکەمیان وەک (پاڵنەرەکانی زاوزێ genital drive) وەردەگرێت چونکە ئاماژەیە بە ئارەزووی سێکسیی لە نێوان دوو کەس لە پێناو وەچەخستنەوە. دووەمیش دەبێتە (پاڵنەرە سێکسییەکان sexsual drive ) ئەمەیان بەپێچەوانەوە ئەماژەیە بە چەمکی نوێی فرۆید لە بارەی سێکسوالیتە کە چیتر لە ڕێی زاراوەی ئۆبێکتی سرووشتی بۆماوەیی زاوزێوە پێناسەناکرێت. پ.ن

داروینەوە لە تیۆری سێکسوالیتەیان دەڕوانی، سەرنجیان خستبووە سەر پاڵنەرەکانی زاوزێ(Geschlrchts Triebe) وەک دەرکەوتەی غەریزەکانی زاوزێ لە پێناو پارێزگاریکردن(مانەوە)ی جۆر[3][بەپێی تیۆری پەرەسەندنی داروینی، سێکسکردن لە پێناو درێژەدانە بەجۆری بوونەوەر لەرێی لەبەرگرتنەوەی جیناتی بوونەوەرەکە]. ئەم گۆشەنیگایەی کە جەخت لە کارکرد(وەزیفە)ی غەریزەی سێکسوالیتەی مرۆڤ دەکاتەوە، سێکسوالیتەی مرۆڤ لێکچوونی هەیە لەگەڵ برسێتی، بەو پێیەی کە دەربرینی پێویستییە بۆ خواردن لە پێناو خۆپاراستن(مانەوە)[ کارکردی بایۆلۆژیانەی سێکسیش، برسێتیەکی جەستەییە بۆ وەچەخستنەوە لەپێناو مانەوەی جۆر]. لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا، فرۆید ئاماژە بە هەندێک تێڕوانینی هەڵە، دەربارەی سێکسوالیتە دەکات؛ وەکو نەبوونی سێکسوالیتە لە قۆناغی منالّی و چالاکبوونی تەنیا لە قۆناغی هەرزەکاری لە پاش گەشەکردنی تەواوی ئەندامە سێکسییەکاندا یاخود کورتکردنەوەی ئامانجی سێکسوالیتە لە کردەی سێکسیی زاوزێ لەگەڵ ڕەگەزە هاوبەشەکەی تردا. بێگومان فرۆید لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لایەنی سەرەکی کۆدەنگیی زانستی و کۆمەلایەتی هاوچەرخ دەکات لەمەڕ سروشتی سێکسوالیتە. لە دەستپێکی سەرەتای کتێبی سایکۆپاتۆلۆژیای سێکسی (١٨٨٦)دا، کرافت-ئیبینگ دەیوت کە سێکسوالیتە دەبێ لەرێی چەمکی کارکردی سروشتی کە لە خزمەتی وەچەخستنەوەدایە، پێناسە بکرێت[هەمان ئایدیای تیۆری پەرەسەندنی داروینی]. ئەم کارکردەی وەچەخستنەوە نابێت وەک بەرەنجامی حەز و ئارەزووی سێکسی تاک سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک دەربڕینێکی پێویست و ئاسایی غەریزەی سروشتی و بەهێزی تاک بۆ پاراستنی توانا دەروونی و جەستەییەکانی ببینرێت. بەپێی ئەم جۆرە فۆرمولەبوونە، بنەماکانی داروینی مانەوەی جۆرو تاک، ڕەپتێکی نزیکیان هەیە: مانەوەی جۆر لەڕاستیدا لەلایەن غەریزەکانی خۆپاراستنەوە جڵەودەکرێت[غەریزەکانی خۆپاراستن بە شێکن لە ئیگۆ، واتە پرەنسیپە بایۆلۆژیەکەی پەرەسەندن دەبێتە بەشێک لە دابەشکارییە دەروونیەکەی فرۆید، ئیگۆ جگە لەمانەوەی جۆر، ڕۆڵی مانەوەی مەعنەویش دەگێڕێت کە پاراستنی

---

3: کرافت ئیبینگ چەمکی پاڵنەرەکانی زاوزێ (Geschlechtstrieb)، پاڵنەرە سێکسییەکان (sexsualtrieb)، پاڵنەری وەچەخستنەوە (Fortpflanzungstrie)ی وەک هاوتای یەکتر؛ بەڵام فرۆید واینەکرد. پ.ن

پێگەی مرۆڤیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە عاشقبووندا، ئیگۆی مرۆڤ، ئامانجەکەی بریتییە لە وەچەخستنەوە و بەدەستهێنانی عەشق و خۆشەویستی لەلایەن ئەویتر]. وەچەخستنەوە ئەو ئامرازە بوو کە دەتوانرا ژیانی تاک لە دەرەوەی سنوورە فەزایی و کاتییە ناوەکییەکانیدا بپارێزرێت، وەک چۆن سیفەت و تواناکانی تاک لە نەوەکانی داهاتوو دەپارێزران .[4] بەم شێوەیە سێکسوالیتە بە زاراوەی کارکردی وەک ئامرازێک لەپێناو ئامانجێکدا، پێناسەدەکرا. وەچەخستنەوە لە پێناو مانەوەدا، بەکردەی سێکسی نۆرماڵ و هەڵبژاردنی هاوبەشی سێکسی نۆرماڵ، پێناسەدەکرا. تەنیا ئەو کردە سێکسییانە بەنۆرماڵ دادەنران کە لەپێناو وەچەخستنەوە بن. ئەم تێگەیشتنە کارکردییە لە سێکسوالیتە، بنەمای چەمکاندنی تێڕوانینەکانی کرافت ئیبینگە لەبارەی پاتۆلۆژی بە گشتی و لادانی سێکسی بەتایبەتی. بەهەمان شێوە ئەم تێگەیشتنە کارکردییە لەمەڕ سێکسوالیتە بووە هۆی دیاریکردنی پێناسەیەک بۆ سێکسوالیتەی نا-ئاسایی یان بە وتەی کرافت ئیبینگ "تێکچوونەکانی کارکردی سێکسوالیتە" کە بریتییە لە لادانی سێکسی لە نەزمی وەچەخستنەوە[5]. کرافت ئیبینگ چوار جۆر "تێکچوونی کارکردی سێکسوالیتە" جیا دەکاتەوە. یەکەم جۆریان پارادۆکسیا(گەشەی ناوەخت) بوو کە بریتییە لە دەرکەوتنی پاڵنەرەکانی زاوزێ لەسەرەتای منداڵی، دەستپەڕکردنیش بەڵگەبوو بۆی(ئەمەش دەبووە هۆی تێکچوونی عوسابی یان دەروونپەشێوی) یان دەرکەوتنی

---

4 بەئاشکرا، لە دەقی بنەچەی مرۆڤ لە ساڵی 1871، داروین ئارگومێنتی ئەوەی هێنایەوە کە خواردن و وەچەخستنەوە دەبێت لەسەر بنەمای غەریزەکانی خۆپاراستن، لێیان تێبگەین. داروین ئەم غەریزەیەی لە غەریزە بنەرەتیەکانی دیکە جیاکردەوە؛ وەک غەریزە کۆمەڵایەتییەکان لەنێویاندا "هاوسۆزی" و "خۆشەویستی"، بەتایبەت کاتێک ئاراستەی ئەندامەکانی خێزان و ئۆبێکتە خۆشەویستەکان دەکرێت بەڵام بۆ گرووپە گەورەکانیش (کۆمەڵگا) هەمان شتە(Darwin 1981:72ff). فرۆید ئاماژەی بە تیۆری هاوسۆزی نەکردووە لە سێ وتارەکە. فرۆید لە نوسینەکانی دواتریدا بە ئاشکرا، بیرۆکەی غەریزەی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکاتەوە لە لەپێناو تیۆری هاوشوناسبوون. پ.ن

5 ئارنۆڵد داڤیدسن بە دروستی مشتومری ئەوەی دەکرد کە جیاکاری نێوان سێکسوالیتەی نۆرماڵ(سروشتی) و لادان(ناسروشتی)، داهێنراوێکی پاش-داروینیی سایکایەتری و سێکسۆلۆژی نییە. ئەم جیاکردنەوەیە، ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە کە بەدرێژایی نەریتی هێرمۆنیتیکای ژیانی سێکسی مەسیحیەتی رۆژئاواوە بەردەوامبووە تاکو سەردەمی مۆدێرنە. ئەم گۆرانکارییە لەسەدەی نۆزدە ڕوویدا کە پێکهاتبوو لە دووبارە دانانەوەی توێژینەوە و ڕێکخستنی لادانەکان لە هاندانی ئەخلاقی دینی و یاسا بۆ پزیشکی- هەروەها ئەم گۆرانە پێکهاتبوو لە هەڵسەنگاندنێکی توندی مۆڕاڵیی لادانەکان. ئەوە تەنها لە ئێستادایە کە لادانەکان لەڕێی چەمکی جیاکاری پاتۆلۆژی و شوناسی سوبێکتیڤ پێناسەدەکرێن(Davidson). پ.ن

پاڵنەری زاوزێییە لە تەمەنی گەورەییدا کە بەزۆری پیری دەگرێتەوە. کرافت ئیبینگو ئەم تێکچوونە لەڕێی دەستەواژەی ئۆرگانە سێکسییەکان وا لەکارکەوتوون یان بەرەو لەکارکەوتن دەچن، پێناسەدەکات. دووەم جۆر، سڕبوون(بێهەستی)ی سێکسییە یان نەبوونی پاڵنەرەکانی زاوزێیە، لە دەرەنجامی تێکچوونی دەروونی یان کەم و کوڕی لە ئەناتۆمی(توێکاری) مێشک. سێیەم جۆر، زێدە هەستیاری سێکسییە یان زیادبوونی نائاسایی پاڵنەرەکانی زاوزێیە، کە بەزۆی لە پێگەیشتووان‌دا هەن و دەبێتە هۆی تێکچوونە دەروونیە-دەماریەکانی هاوشێوەی خۆ-بەنەخۆشزانین و هیستریا [کەسی خۆ-بەنەخۆشزان بەهۆی زۆربوونی سێکسوالیتەی پاڵنەرەکانی زاوزێوە، نەستەکیانە خۆی دەکاتە نەخۆش تا ببێتە ئۆبێکتی عەشقی ئەوانی تر، هەرچەند هیستریا و جۆرەکانی تری عوساب بەهۆی چەپاندنی سێکسوالیتەوە ڕووئەدەن، بەڵام لە هیستریادا، زێدە-چەپاندن لە کەسێک ڕووئەدات کە زێدە چالاکی سێکسوالیتەی هەیە]. چوارەم جۆر، سەرنجڕاکێشترینە لای کرافت ئیبینگ، بریتیە لە لادانی سێکسی یان هەستی نائاسایی سێکسی. بەم شێوەیەش پێناسەی لادان دەکات: سەرەڕای هەلی تێربوونی غەریزەی سێکسی بەشێوەیەکی سرووشتی، هەموو دەربڕینێکی[سێکسیانە]ی لەگەڵ ئامانجی سروشتدا ناگونجێت. هەموو دەرکەوتەیەکی پاڵنەرەکانی زاوزێ بەبێ وەچەخستنەوە، لادانە. هەر ئەم پێوەرەیە کە چوار جۆرەکەی لادان لە سروشتی کارکردیی پاڵنەرەکانی زاوزێ، پێکدەبەستێتەوە. سەرەنجام سادیزم، ماسۆشیزم، فیتشیزم، ئاوەژووبوونەوەی سێکسی(کە دواتر جیابوویەوە بۆ هاوڕەگەزخوازی و جووت ڕەگەزخوازی) هیچ شتێکی جەوهەری لە نێوانیاندا نیە جگە لە نا-زاوزێی. ئەمانە چالاکی و مەیلی سێکسی جیاوازن کە چێژ و تێربوونی سێکسی لێیانەوە بەدەست دێت بەڵام جیادەبنەوە لە غەریزەی سرووشتی وەچەخستنەوە(2001:75-76 Davidson). ئێمە هەمان ڕەوتی بیرکردنەوە دەبینین لە مەڕ پەیوەندی نێوان سێکسوالیتە و وەچەخستنەوە، لە نوسینەکانی دەمارناس و سێکسۆلۆژیستی ئەڵمانی ئەلبێرت مۆڵ. هاوشێوەی کرافت ئیبینگ، کارەکانی مۆڵ خاڵێکی گرنگ بوو لە سەرچاوەکانی کتێبی (سێ وتار لەبارەی تیۆری سێکسوالیتە)ی چاپی 1905 و وەک بەشداریەکی زانستیانە لە توێژینەوەی ئاوەژووبوونەوەی هەستی سێکسی و سێکسوالیتەی مناڵ، ناسێندرا. لە کتێبەکەی لە بارەی لیبیدۆی سێکسی(1898)، مۆڵ سەرنجێکی چڕی خستبوویە سەر پەیوەندیی نێوان پاڵنەرەکانی زاوزێ و

وەچەخستنەوە. بە گەڕانەوە بۆ پڕەنسیپە بنەڕەتییەکانی داروینیزم، تاکە فرمانی پاڵنەڕەکانی زاوزێی ژن و پیاو، وەچەخستنەوەیە. لە سرووشتدا جیاڕەگەزخوازی(ئارەزوو بۆ ڕەگەزی پێچەوانە) مەیلێکی نۆرماڵی بۆماوەییە لەبەر ئەوەی خزمەت بەو شتە دەکات کە مۆڵ پێی دەڵێت "پرەنسیپی غایەتناسی(ئامانجناسی)"ی وەچەخستنەوە(Moll 1898:241). گەشەسەندنی تاک و هەستە سێکسییەکەی، ڕەهەندێکی سوبێکتیڤی دەگمەن بوو لە نێو ئۆبێکتیڤیتەی غەریزەی وەچەخستنەوەدا. دەکرا هەموو پرۆسەی فیسیۆلۆژی و دەروونییەکانی تاکەکەس بەم غەریزەیە ڕوون بکرێتەوە [ئەمە بەپێی تیۆرەکانی سایکۆلۆژیای داروینی کە سێکسۆلۆژیست و دەمارناسەکان برەویان پێدەدا]. بەپێی مۆڵ پاڵنەرەکانی زاوزێ لە دوو هاندەری تەواوکار پێکدێن. "هاندەرەکانی هەڵئاوسان" هاندەرێکی سروشتی بوو کە دەبووە هۆی گۆڕانکاری لە ئەندامی زاوزێدا (بە ئامانجی ڕژانی تۆواو لە کاتی جووتبووندا)، لەوانەش زیادبوونی هەستەوەری لە ئەندامی زاوزێدا (بە ئامانجی تێربوونی سێکسی). "هاندەری گرژبوون" هاوتەریبی یەکەم بوو و پێکهاتبوو لە مەیلی نزیکبوونەوە و دەستلێدان و ماچکردنی کەسێکی ڕەگەزی بەرامبەر[6][ئەم دوو دەستەواژەیە، بایلۆژیین]. بەپێی تیۆریەکانی هاوشێوەی مۆڵ، هەردوو گەشەی فیسیۆلۆژی و پرۆسە زەینیەکان (ئارەزوو، هۆگری) لەکاتی هەرزەکاری و دواتریش، لەخزمەتی وەچەخستنەوەن، کە فرۆید پێی دەڵێت "ئەفسانەی شیعری" [فرۆید تیۆری وەچەخستنەوەی داروینی ڕەت ناکاتەوە، بەڵام سێکسوالیتەش لە وەچەخستنەوەدا کورتناکاتەوە، ئەو چەمکی "پاڵنەرە سێکسیەکان" دادەهێنێت بۆ فراوانکردنی سێکسوالیتە، پاڵنەرەکانی زاوزێش کە درێژکراوەی دیدگای پەرەسەندنە، لای فرۆید ڕۆڵی کەمتریان پێ دەدرێت]. بەپێچەوانەی "دیدگای باو"، فرۆید خۆی بەدوورگرت لە هەژمووونی دیدگای زانستی پزیشکی کە لە لایەن پسپۆڕە سەرەکیەکانی ئەو سەردەمە برەوی پێدەدرا کە لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی سێکسوالیتە، توێژینەوەیان ئەنجامدەدا(Westerink 2009). بەڵام پێش ئەوەی بەوردی سەیری تیۆری سێکسوالیتەی فرۆید بکەین لە ساڵی 1905، پێویستە پەیوەندییەکەی بەراورد بە پێشینەکانیەوە لەبەرچاوبگرین. چونکە دەبێتە هۆکارێکی زۆر باش تا کارەکانی فرۆید

---

[6] هاندەر بەزۆری وەسفدەکرێت وەک ئەوەی فرۆید پێی دەڵێت"هەستناسکی" و ئەمڕۆ ئێمە ئاماژەی پێدەکەین وەک "هۆگری". پ.ن

وەک دژایەتییەکی ڕیشەیی بۆ تەواوی دیدگای پزیشکی لەبارەی بە سێکسەوە سەیرنەکرێت. لە هەمووی گرنگتر دان بەوەدا بنێین کە کرافت ئیبینگ و مۆڵ و کەسانی دیکە ڕێگەیان بۆ سێ وتارەکەی فرۆید خۆش کرد. لە ڕاستیدا ئەم پسپۆڕانە پێشبینیی زۆرێک لە بیرۆکەکانی ئەویان کردبوو، لەوانەش پێش هەموو شتێک چەمکسازی سێکسواڵیتە وەک پاڵنەرێکی سروشتی باو کە لەهەمانکاتدا کاریگەرترین هێزە لە گەشەسەندنی کولتووریدا، بە تایبەتی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی خێزان، ئەخلاق، ئایین و هونەر (Krafft-Ebing 1881:1-17).
ئەم چەمکسازییە کاریگەری هەبوو لەوەی توێژینەوەی پزیشکی سێکسوالیتە هەرگیز نەتوانرێت سنووردار بکرێت بۆ لادانە پاتۆلوژییەکان کە لە فیترەتی بۆماوەیی و پووکاوە، سەرچاوە دەگرن. هەرچەندە کرافت-ئیبینگ بە پلەی یەکەم گرنگی بە هۆکارناسی لادانەکان دەدا، بەڵام بۆی دەرکەوت کە توێژینەوەکانی لەبارەی بەلاڕێداچوونی پاتۆلۆژی سێکسی بەشدارییان کردووە لە تێگەیشتنێکی زۆر فراوانتر لە ڕۆڵی پاڵنەرە سێکسییەکانی مرۆڤ لە کولتوور و بە درێژایی مێژوودا. ئەم بیرۆکەیە بوو بە پێشەنگێک بۆ ئەو تێگەیشتنەی فرۆید کە هەر تیۆرێکی سێکسوالیتە ڕەهەندێکی گشتگیری ئەنترۆپۆلۆژیی دەبێت و پاڵنەرە سێکسییەکان و بڵندبوونەوەکەشی، لەڕووی کەلتورییەوە بەرهەمدار بوون. ئەوە پێشینەکانی فرۆید بوون کە سێکسوالیتەیان وەک لایەنێکی بنەڕەتیی سرووشتی مرۆڤ و ژیانی کەلتوری، هێنایەگۆڕێ. ئەم تێڕوانینە فراوانترە بۆ سێکسوالیتە و کەلتور، لەگەڵ چەمکسازی سێکسوالیتە وەک چەمکی "پاڵنەری سرووشتی" کە ماتەوزەیەکی ڕزگارکەری تێدابوو، نوسینی پێشینەکانی فرۆیدیان هەژاند. ئەمەش نەک تەنها لە نوسینەکانی کرافت ئیبینگ و مۆڵدا، بەڵکو بە تایبەتی کتێبی "قۆناغە ناوەندیەکانی سێکسوالیتە" بەڵگەن لە بۆی. لێرەدا مەیلێکی بەرچاو دەبینین بۆ ڕەخنەگرتن لە تاوانبارکردنی ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت "لادەری سێکسی". سەرەنجام، کاتێک پاتۆلۆژیی سێکسی، چیتر وەک دەرەنجامی کردەی لادانی سێکسی سەیرنەدەکرا و پێچەوانەوە، وا تێدەگەیشتن کە کردەی لادانی سێکسی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەچە و فیترەتی نیورۆپاتی (عوسابی)، هاوڕەگەزبازیش چیتر وەک بەرپرسیاریی ئەخلاقی نەدەبینران لەهەمبەر مەیلە سێکسییەکانیان. لەبری ئەوەی ڕێکاری یاسای لە دژیان بگیرێتە بەر، پێویستبوو پرۆسەی چارەسەری وەربگرن. ئەمە ڕەوتێکی نۆرماڵی بیرکردنەوە بوو لە ئەدەبیاتی

لادانە سێکسییەکاندا (Fuchs 1902). هەرچەندە فرۆید لە (سێ وتارەکە) خۆی بۆ پرسە یاساییەکان تەرخان ناکات، بەڵام دەقەکەی تری لەبارەی کەلتوری ئەخلاقیی سێکسییەوە کە چەند ساڵێک دواتر نوسراوە، پەیوەندیەکی نزیکی بەم جۆرە بیرۆکانە هەبوو کە دەربارەی فیترەتە نائاساییەکان و ئەو شێوازەی کە پێویستە کۆمەڵگا مامەڵە لەگەڵ جۆراوجۆری هاندەر و ئامانجە سێکسییەکان بکات (freud 1908b). دووەمین بوار کە توێژەرانی پێشوو، پێشبینی بیرۆکەکانی فرۆیدیان کردبوو، گرنگیدان بوو بە ناساندنی چوار جۆرە سەرەکییەکەی لادانە سێکسییەکان: سادیزم، ماسۆشیزم، فیتشیزم، هاوڕەگەزخوازی. لەڕاستییدا کرافت ئیبینگ، کاتیگۆری سادیزم و مازۆشیزمی داهێنا و وەک دووان لە چوار فۆڕمە سەرەکیەکەی لادان لە سێکسوالیتەی ئاسایی، ناساندنی واتە وەک ئەو چالاکییە سێکسییانەی کە سەر بە زاوزێ نین. هەروەها ئەوە کرافت ئیبینگ و مۆڵ بوون کە پێشەنگایەتی چەمکەکانی هاوڕەگەزبازی و منداڵبازییان کرد لە سالآنی 1890دا. دادپەروەرانەیە کە بڵێین ڕەوتی "کارکردی سێکسی" دارویینی، بووە هۆی پێناسەکردنی ئەم لادانە سێکسییانە وەک هاوتایەکی نا-کارکردی بۆ سێکسوالیتەی نۆرماڵ. فرۆید لە یەکەمین چاپی (سێ وتارەکە) لەبارەی ترازانی سێکسی، بە یەقینەوە، ئەو چوار فۆرمە سەرەکییەی لادان، بە لادانە سێکسییە بنەڕەتیەکان دەناسێنێت. سەرەڕای ئەوەش، وەک ئەوەی دواتر دەیبینین فرۆید بە توندی دژی تێڕوانینی کارکردیی پێشینەکانی وەستایەوە[واتە دژی ئەو تێروانینە وەستایەوە کە سێکسوالیتە کورتدەکاتەوە بۆ فرمانی وەچەخستنەوە] کە دواتر بووە هۆی پەرەپێدانی گۆشەنیگایەکی بنەڕەتی نوێ لەبارەی پەیوەندی نێوان نەخۆشی و نۆرماڵێتی(نەبوونی نەخۆشی). ئەمەش دەمانباتە سەر سێیەم پەرەسەندن کە ڕێگەی بۆ سێ وتارەکەی فرۆید خۆش کرد. کرافت-ئیبینگ، مۆڵ و کەسانی دیکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گریمانە بنەڕەتییەکانی خۆیان سەبارەت بە بەرامبەرکێی نێوان سێکسوالیتە و لادان تێکدابوو[چونکە پێیان وابوو هەر کردەیەکی سێکسی ئامانجەکەی وەچەخستنەوە نەبێت لادانە]. هەرچەندە ئەوان هەرگیز وازیان لە جیاکردنەوەی تۆخی نێوان غەریزەی سێکسی نۆرماڵ و بەلارێداچوونی لادانە پاتۆلۆژییەکان نەهێنا، بەڵام کرافت ئیبینگ و مۆڵ، زیاتر سەرنجیان بەئاراستەی جیاوازیکردنی پلە بە پلەی نێوان نۆرماڵ و نا-نۆڕماڵ(نەخۆشی) دەگۆڕی. لە کتێبی سایکۆپاتۆلۆژیی سێکسوالیتەی کرافت ئیبینگدا، دەتوانرێت

ئەم گۆڕانکارییە لە بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە زێدە هەستیاری سێکسی و هەستی نائاسایی سێکسی ببینرێت. کاتێک وەسفی سادیزم دەکات، بۆ نموونە، دەیوت پەیوەندی نزیک لە نێوان چێژ و زۆرداری‌دا، تایبەت نیە بە سادیزم یان ماسۆشیزم، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەک لێی بڕوانین کە ڕیشەی هەیە لە تایبەتمەندییە گشتیەکانی فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی مرۆڤ وەک بەرامبەرکێی نێوان ڕۆڵی ئەکتیڤی(کارایی) پیاو و پاسیڤی(ناکارایی) ژن لە پەیوەندیە سێکسییەکان[واتە زۆرداری و ژێردەستی ژن و پیاو لە سادیزم و ماسۆشیزم دا، حوکمێکی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتیین، لە لۆژیکی ئەستدا سادیزم و ماسۆشیزم، پەیوەستە بە پێگەی کارایی و ناکارایی لە سێکسوالیتەدا و هەر ئەوەشە زێدەچێژ(ژویسانس) دەخولقێنێت]. هەروەها ئەو ئاماژە بە پەیوەندییەکی نزیک دەکات لەنێوان هەندێک کردەوەی شەڕانگێزی (وەک گازگرتن) و سروشتی وروژاندنی سێکسیدا [بەپێی فرۆید سێکسوالیتە لە زنجیرەک پاڵنەری بەشەکی و پارچە پارچە پێکدێت، یەکێک لەو پاڵنەرە بەشەکیانە، مرۆڤخۆرییە کە گازگرتنیش بەشێکە لێی]. ئەو دەرەنجامەی کە کرافت ئیبینگ بەدەستیهێنا، گریمانە سەرەکییەکانی لاوازکرد. ئەو دەنوسێت: "بەم پێیە سادیزم هیچ نیە لە چڕکردنەوەی پاتۆلۆژییانەی دزێو و دەعبائاسای و زێدەڕۆیی دیاردەکان بترازێت- هەروابێتەوە لە هەلومەرجە نۆرماڵەکانیشدا لەم یان لەو فۆرمی بەرایدا هەر مومکینە- کە هاوەڵی ژیانی سێکسیی دەروونیین بەتایبەت لای ڕەگەزی نێر. ئەم پێناسەکردنەی سادیزم لەو ڕووەوە نمونەییە کە دەبێتە ڕوانگەی زاڵ لەبارەی لادانە سێکسییەکانەوە. ماتریاڵی کەیسە کلینیکییەکان ئەوە نیشاندەدات کە بە کردەیی جیاکاریی چۆنایەتیی زەق لەنێوان نۆرماڵێتی و پاتۆلۆژی(نەخۆشی) مەحاڵە. لادانەکانی هاوشێوەی سادیزم دەکرێت وەک زێدەرۆیی و چڕبوونەوەی کردە و هاندەری سێکسی لێی بڕوانرێت. لەم سیاقەدا، تێڕوانینی کرافت ئیبینگ لەبارەی لادانە سێکسییەکانیش گۆڕا، بەتایبەتی لە توێژینەوەکانی لەبارەی هاوڕەگەزخوازی. هەرچەندە کرافت ئیبینگ و ئەوانیتر، هەرگیز وازیان لە پارادایمی (جیاڕەگەزخوازی) وەک فۆرمی کارکردی نۆرماڵی سێکسوالیتە نەهێنا، بەڵام تێڕوانینی نوێیان لەمەڕ هاوڕەگەزخوازی، جیاکاریی زەق و زۆپی لە نێوان نێرینەیی و مێینەی‌دا، بەرەو تەمومژی برد (Ibid:188). کرافت ئیبینگ دووبارە ڕێگایەکی تری پیشاندابن، پێشنیاری کرد کە هەردوو هاوڕەگەزخوازیی زگماکی(بۆماوەیی) و وەرگیراو(بۆماوەیی نییە)، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

نێرەمووکی سروشتی یان جووت ڕەگەزخوازی[ بەپێی ئەم تەفسیرە بێت، کەسە هاورەگەزخوازەکان، نێرەمووکن، بەڵام لە واقیعدا زۆربەی هاوڕەگەزخوازەکان لەڕووی بایۆلۆژیەوە نێرن یاخود مێ، هەروەها زۆربەی هاوڕەگەزخوازەکان، جووتڕەگەزخوازیش نین، بەڵکو ئارەزوویان لە یەک ڕەگەزە، ئەم تەفسیرانە زیاتر بایۆلۆژین، بەپێچەوانەوە تەفسیرەکانی فرۆید مێتاسایکۆلۆژین]. لەیەکێک لە وتارەکانیدا[کرافت ئیبینگ] کە لە ساڵی 1901 بڵاوبوویەوە، بەڕوونی دەڵێت دەبێ وەها بیر لە هاوڕەگەزخوازی بکەینەوە کە لە بنەڕەتدا لە سەرەتایترین فیترەتی قۆناغی کۆرپەلەیی مرۆڤەوە، سەرچاوەیگرتووە، نێرەمووکی یان جووەترەگەزخوازی [7](Kraft Ebing :8)پێناسەکردنی هاوڕەگەزخوازی لەرێی دەستەواژەی قۆناغی نێوەندی- ئەو تایتڵ(سەرباس)ـەمان بیردێنێتەوە کە جاهربوخ ئاماژەی پێدابوو- ئەمەش هەنگاوێکی لۆژیکی بوو. لەسەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبەکەی 1899، سێکسۆلۆژیستی ئەڵمانی ماگنوس هێرشفێڵد، دەیوت لە ڕاستیدا هاوڕەگەزخوازی وەک فۆرمێکی ناوەندی سێکسوالیتە دەبینێت، کە دەکرێت لەڕێی چەمکی جیاوازی چەندێتی کەمە کەمەی نێوان ژن و پیاو تەفسیربکرێت. پێویستە بەلارێداچوونە سێکسییەکان بە دەقیقی لەرێی دەستەواژەی جۆراوجۆر و لەنێو بوارێکی گەورەتری پلەبەندی سێکسی و دەربڕینی تاکایەتیدا، تەفسیری بۆ بکرێت (Hirschfeld 1899). بە مانایەکی تر، بەڵگە کلینیکییەکان ئەوەمان پیشان دەدەن کە ناکرێت سێکسوالیتە بەئاسانی جیابکرێتەوە یان پۆلێنبکرێت لەڕێی چەمکی کارکردی، غەریزەی سرووشتی یاخود بەلاڕێداچوونە پوکاوەکانی. هەندێ ڕەهەندی تر هەبوو کە دەبوو گرنگی پێبدرێ، گرنگترینیان، سرووشتی پەیوەندییە سێکسییەکان و هەڵبژاردنی ئۆبێکتی سێکسی هەروەها ورووژانی سێکسی، چێژ، تێربوون و پێویستییە سێکسییەکانی تاک. سێکسناس و

---

[7] لە وتارەکەی 1901ساڵی کرافت ئیبینگ، دواتر ئارگومێنتی دەهێنایەوە کە لە هاورەگەزخوازی وەرگیراو- جۆرە باوەکەی هاورەگەزخوازی- تیۆری فریودان، رۆڵێکی یەکلاکەرەوەو دەبینێت(فرۆیدیش دواتر درێژەی پێدەدات). لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەکرێت پێشنیارکردن، ئامرازێکی چارەسەری بێت لە تەواوی پرۆسەی چارەسەری هاورەگەزخوازی. دواتر فرۆید بۆچوونی خۆی لەبارەی فریودان دەخاتەڕوو و وەڵامە بەناوبانگی کافت ئیبینگ دەداتەوە لە ساڵی 1896 لە وانە وتاری تیۆری فریودان، وەکو چیرۆکی ئەفسانەیی مناڵی وەسفی دەکات. ئەم ئاماژەکردنە بە فریودان، سەرنجراکێشە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە سایکۆلۆژیست و سێکسۆلۆژیستی ئەلمانی ئەلبێرت ڤۆن، وتبووی کە هۆکارە کەلتووریەکانی وەک پەروەردە، یەکلاکەرەوەیە لە هۆکاری لادان‌دا، و پێشنیارکردن و خەواندنی موگناتیسی، دەکرێت بە سەرکەوتووی جێبەجێبکرێت لە چارەسەردا. پ.ن

پزیشکی پێستی ئەڵمانی، ئیوان بلۆخ، هەندێک بەرەنجامی لەم ماتریاڵە فراوانەی لەبارەی لادان و لادانیەتی_هەڵهێنجان(ئەم دەستەواژەیەی دواتر لەلایەن کرافت ئیبینگەوە دارێژراوە، بۆ ئاماژەکردن بە کردە سێکسیە نامۆڕاڵەکانی خەڵکی ئاسایی) و سەرنجدان لەوەی ڕەفتارە سێکسییە نائاساییەکان لە هەموو شارستانیەتەکاندا هەبووە: **لادانە سێکسییەکان لە فیترەتی نیورۆپاتی(عوسابی) سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دەبێت وەک تایبەتمەندیەکی گشتی مرۆڤ لێی بڕوانین کە لە ئەنجامی چربوونەوە و زیادبوونی هاندەرە غەریزیەکانەوە، درووستبوونە** (Bloch 1902: 6-7; Davidson) ئەوە فرۆید بوو کە ماتەوزەی شۆرشگێرانەی لەنێو ئەم دەرەنجامانەدا ناساند. **زۆربەی ترازانە سێکسییەکان، ناتوانرێت جیابکرێنەوە لە ژیانی سێکسی نۆرماڵ و ئەگەر ترازانە سێکسییەکان، لەڕێی چەمکی عوسابی (بۆماوەیی، پوکانەوە)، فیترەتی_عوسابی، تەفسیر نەکرێت. ئەوا تەنیا دەبێت بە بەراورکردنی بە فیترەتی سێکسیی گشتیی مرۆڤەوە، پێناسەبکرێت، کە بلۆچ و ئەوانی تر، لەڕێی زارەوەی زیادبوون و چربوونەوەی هەندێک هاندەری سێکسییەوە، وەسفیان دەکرد** [فرۆید پەرە بەم پێناسە دەدات و چەمکی پاڵنەر دادەهێنێت و جیای دەکاتەوە لە غەریزە، پاڵنەر کەلێنێکە لە تێربوونی غەریزەکان و لینکێکە لەنێوان پێویستی جەستەو دەروونیدا، پاڵنەر لەسەر ئۆبێکتێک ناوەستێ و تا ئەبەد دەخولێتەوە]. بە درێژەدان بەم هێڵە لە بیرکردنەوە کە جیاوازی نێوان سێکسوالیتەی نۆڕماڵ و نانۆڕماڵ تەنیا چەندایەتییە، زیادبوونی هاندەرە سێکسییەکان نەک تەنیا یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە نەخۆشیە دەروونیەکان، لەوە گرنگتر لە سروشتی مرۆڤ بەگشتی. هەر لەم ئاراستەیەوە فرۆید بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە:

READING FREUD'S THREE ESSAYS ON THE THEORY OF SEXUALITY From Pleasure to the Object/ Philippe Van Haute and Herman Westerink.